فەرید ئەسەسەرد

# بەعەرەبکردنو بەجولەکەکردن

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکار سەبارەت بەپاساوە تیۆرییەکان

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٠

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتوورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**
**چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**
**تیراژ: (٢٥٠٠) دانە**
**ژمارەی سپاردن: (١٨٧٦) ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی رۆشنبیری**
**ژ. زنجیرە : (٥)**
**لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

# بەعەرەبکردنو بەجولەکەکردن

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکار سەبارەت بەپاساوە تیۆرییەکان

لەنێوان هەردو ئایدیۆلۆژیای زایۆنیزمو بەعسیزمدا، لەوەوە کە هەردوکیان بەشێکی زۆری رەنجو کۆششی خۆیان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی هەندێ ناوچەی دیاریکراو تەرخانکردووە، خاڵی هاوبەش هەیە. هەوڵدانی بێ وچانی هەردو ئایدیۆلۆژیا بۆ گۆڕینی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نەویستراوەکانو هێنانەدیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دڵخوازی خۆیان لەجێی پێکهاتە کۆنەکان، پێویستی بەپاساوی ئایدیۆلۆژی بوو. لێرە،



پاساوە ئایدیۆلۆژییەکان بەمانای داپینکردنی پاکانەی ئەخلاقی بەدڵنیاییەوە بۆ ئەنجامدانی هەندێ کردەوە دێ کەپەیوەندییەکی لاوازیان بەئاکارەوە هەیە. لەم سەروبەندەدا دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کەتێگەیشتنی هەردو ئایدیۆلۆژیا بۆ ئاکار، بەندە بەرەهایی ئەو کردارو کردەوانەی کەهیچ دیسپلینێکی مرۆیی یان یاسایی کۆنترۆڵیان ناکا.

داشکاندنی هەردو ئایدیۆلۆژیا بەلای پەیڕەوکردنی سیاسەتێك کەئامانجەکەی گۆڕینی روخساری دیموگرافیی هەندێ ناوچەی دیاریکراوەو وردتر داشکاندنی سیاسەتی زایۆنیستی بەلای بەجولەکەکردنی ناوچە فەلەستینیەکانداو داشکاندنی سیاسەتی بەعس بەلای بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکاندا، دەرفەتێك دەرەخسێنێ کەدەکرێ تێیدا ئاماژە بۆ رەفتاری لێکچوی هەردو ئایدیۆلۆژیا بکرێ، سەرەڕای رەگو ریشەی جیاوازیان.

بەڵام لێرە دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کەزایۆنیزم بەو داشکاندنە پڕ کەفو کوڵو تینو تاوەی بەلای بەجولەکەکردنی

ناوچە فەلەستینیەکاندا، بەشێوەیەکی چڕ پشتگیرییەکی ئاینی بۆ خۆی دابین کردوە، لەکاتێکدا بەعسیزم بەو هەلێپە گەرمو گوڕەی بۆ بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان، بەشێوەیەکی چڕ پشتیوانییەکی نەتەوەیی دەستەبەر کردوە.

دەستنیشان کردنی چوارچێوە ئەخلاقییەکەی ئەو گۆڕانەی نیاز وایە لەهەندێ ناوچەدا بێتە دی، بایەخێکی زۆری هەیە چونکە فاکتەری وێژەیی لەسەرخستنی هەمو پرۆسەکانی گۆڕینی روخساری نەتەوەییدا پێویستی بەچەردەیەك پاساو هەیە کەدەبنە مایەی دەستەبەرکردنی زۆرترین دەستکەوت. بەم پێیە، بەجولەکەکردن پرۆسەیەکە رەواییەکەی لەمێژووەوە سەرچاوە دەگرێ‌و لەدیدی زایۆنیزمو رەهەندە دینیە یەهودییە توندڕەوەکانەوە پیرۆزترین شێوەی دادپەروەریو سەندنەوەی ماف بۆ گەلی جولەکە پێکدێنێ، لەکاتێکدا بەعەرەبکردن بۆی نەلوا رەوایی‌یەکی پشت بەستوو بەمێژوو پەیدا بکا. بەلام ئەمە رێی لەوە نەگرتوە کە بەعەرەبکردنو بەجولەکە کردن لەسەر رەتکردنەوەی تەواوی پێکهاتە کۆمەلایەتییە نەویستراوەکان



کۆك‌و یەکدەنگ بن‌و رێوشوێنی هەمەجۆر بۆ هێنانەدیی پێکهاتەی کۆمەلایەتیی نوێ بەکار بێنن بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتە کۆمەلایەتییە نوێیانە جێی پێکهاتە کۆنەکان بگرنەوەو باشترو رێکوپێکتر خزمەتی پێداویستیەکانی بەرژەوەندییە بالاکانی دەولەت بکەن.

لەزایۆنیزمدا سیاسەتی بەجولەکە کردن لەئەفسانەیەکی تەورات رەوایی وەردەگری کەگوایە خواوەند بەلێنی داوە سەرزەمینی پان‌و بەرینی نێوان هەردو روباری فورات‌و نیل بدا بەجولەکە. بەشی پانزەهەمی سفری ئافراندن دەلێ ((ئەو رۆژە خواوەند بەلێنی بەئەبرام داو گوتی: ئەم سەرزەمینە، لەروباری میسرەوە (روباری نیل) تا روباری گەورە، روباری فورات، بەنەوەی تۆی دەبەخشم))[١].

بەمجۆرە، لەم بەلێنە بەدواوە، کەبەلێنێکە جولەکە لەتەوراتی هەلکڕاندوەو مۆرکی دەقێکی پیرۆزی پێ داوە، جولەکە ئەو بۆچونەی لەلا پەیدا بوو کەمافی خۆیەتی لەو سەرزەمینەی کەوتۆتە نێوان هەردو روبار، رەفتارێك بەدلخوازی خۆی بنوێنێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی زۆرترین کاریگەریی لەسەر جۆری بیرکردنەوەی جولەکە بەجێ هێشت، تێڕوانینی جوگرافیایی بوو نەك تێڕوانینی ئاینی. لەتەوراتدا جولەکە نیشتمانێکی ئەفسانەیی گەورەتر لەتوانا ماددییەکانی خۆی، چنگ کەوتو وەك لەنەریتی ئەو سەردەمە داکەوتبوو، جولەکە سنورێکی بەپێی دیاردە سروشتییەکان بۆ نیشتمانە ئەفسانەییەکە دیاری کرد. سەرەڕای گرنگیو بایەخی ئەم مەسەلەیە لەڕوی ئاینیەوە بۆ جولەکە، بەڵام دەقە پیرۆزەکە کرۆکی پەیمانەکەی خواوەندی بەڕونی دەستنیشان نەکردوە، بەتایبەتی لەو روەوە کەکۆنترۆل کردنی قەڵەمڕەوێکی پانو پۆڕی وەك ئەوەی بەجولەکە بەخشراوە، لەتوانای راستەقینەی جولەکەدا نیەو لەم سۆنگەیەوە چەردەیەك مەسەلەی گرنگ بەلێڵی ماوەتەوە وەك کاتی جێبەجێ بونی پەیمانەکەو رێوشوێنی هاتنە دییو چەند مەسەلەیەکی تر.

دەقەکەی تەورات هیچ مانایەکی دیاریکراو بۆ ناوەڕۆکی ((بەخشینی)) زەوی دەستنیشان ناکا. ئەم رەهاییە چارەنوسی دانیشتوانی ناوچەی نێوان فوراتو نیل، کەزۆربەی هەرە زۆریان



جولەکە نین، دەخاتە دەستی گەلە پەیمان پێدراوەکە. ئەمە لەناوەڕۆکدا ئازادیی هەڵسوکەوتیش دەگرێتەوە، چونکە بەخشینی زەوی بەبێ سەلماندنی مافی ئازادیی هەڵسوکەوت بۆ ئەو گەلەی زەوییەکەی پێ بەخشراوە، هیچ مانایەکی نیە. ئەم بۆچونە هەم جێی رەزامەندیی ئەوانەیە کەدەقاودەق باوەڕیان بەتەوارت هەیەو هەم ئەوانەی باوەڕیان بەپێویستی پێکەوەنانی دەوڵەتی ئیسرائیل هەیە.

لەدۆخێکی وادا ((ئازادیی هەڵسوکەوت)) بەمانای مافی دیاری کردنی چارەنوسی دانیشتوانی ناجولەکە دێ. واتە، لەڕوی کردارەکییەوە، ئەمە هەم بەمانای هێشتنەوەیان دێ بەڵام بەمافێکی کەمترەوەو هەم بەمانای دەرکردنیان، کەئەمەی دوایی یان بەمانای بەجولەکەکردنێکی سەرتاپاگیر دێ. بەم پێیە، مافی بەجولەکەکردن دەبێ بەسەرەنجامێکی ئاسایی پرنسیپی ئازادیی هەڵسوکەوت کە بەپێی تەورات خواوەند بۆ جولەکەی سەلماندوە.

سفری یەشوع دەربارەی ناوەڕۆکی پەیمانەکەی خواوەند تێروتەسەلتر دەدوێو وردتر لەمانای بەخشینی زەوی دەکۆڵێتەوە. دەقەکە بەدرێژەپێدانی دەقەکەی سفری ئافراندن دادەنرێ بەڵام لەم روەوە تێبینیی ئەوە دەکرێ کەهینەکەی یەشوع کەمتر بایەخ بەرەهایی پەیمانەکە دەدا. کاتێك لەپەیمانەکە دەکۆڵینەوە، دەبینین لەسفری یەشوعدا مەسەلەکە تەنها بەوە داناکەوێ کەپەیمانێك لەنێوان خواوەندو جولەکەدا لەئارادایە، بەڵکو جگە لەمە، هاندانێکیش بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەمەبەستی داگیرکردنی زەوی بەدی دەکەین. دەقەکە بانگەشە بۆ هەڵسوکەوتێك دەکا کەبۆ گەیشتن بەئامانجی فراوان کردنی نیشتمانە نەتەوەییەکە، پشت بەهێزو زەبروزەنگ دەبەستێ. بەپێی دەقەکە ((هەر جێیەك بنی پێتان پێی لێ نێ، وەك بەموسام گوتوە، پێتان دەبەخشم. لەوشکانیو ئەم لوبنانەوە تا روباری مەزن، روباری فورات، هەمو سەرزەمینی هیتیەکان تا دەریای مەزن لەخۆرئاوادا، بۆ ئێوە دەبێ. بەدرێژایی ژیانت، کەس لەبەردەم تۆدا خۆی راناگرێ. وەك چۆن لەگەڵ موسادا بوم،



لەگەڵ تۆشدا دەبم، نە پشتت تێ دەکەمو نە فەرامۆشت دەکەم. جەربەزە بەو تەکان بدە خۆت چونکە تۆ ئەم زەوییە بەمیرات بۆ ئەو گەلە بەجێدێڵی کەمن بەڵێنم بەباوباپیرانیان داوە بیاندەمێ))[٢].

حزبی بەعس، بەپێچەوانەی زایۆنیزمەوە کەپاساوە دینییەکان دەکاتە بەهانەی پاکتاوکردنی رەگەزی، پشت بەهیچ بەهانەیەکی دینی بۆ پاساودانی پاکتاوکردنی رەگەزی نابەستێ. یەکێ لەگرنگترین دیکۆمێنتە جێ متمانەکانی حزبی بەعس کەدەکرێ بۆ تێگەیشتنو شیکردنەوەی تێڕوانینی بەعس بۆ پاساوەکانی پاکتاوکردنی رەگەزی پشتی پێ ببەسترێ، دەستوری حزبی بەعسە کە لەسێ پرنسیپی بنچینەییو ١٣ بەند بەناوی پرنسیپە گشتییەکانەوەو ٨ بەندی تایبەت بەسیاسەتی ناوخۆییو ٤ بەندی تایبەت بەسیاسەتی دەرەوەو ١٢ بەندی تایبەت بەسیاسەتی ئابوریو ٦ بەندی تایبەت بەسیاسەتی کۆمەڵایەتیو (٥) بەندی تایبەت بەپەروەردەو خوێندنو

بەندێکی تایبەت بەچۆنێتیی دەستکاری کردنی دەستور، پێکدێ[٣] .

دەستوری حزبی بەعس هیچ پەراوێزو دەلاقەیەك بۆ کەلتوری جیاواز لەجیهانی عەرەب ناهێڵێتەوە بەڕادەیەك کەدەستنیشان کردنی سروشتی پەیوەندییە ناوخۆییەکان لەسەر بنچینەی ملکەچبونی رەها بۆ زۆرینە، بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەك لەمافی کەمینە، ئەنجام دەدرێ. دیارە دەستورەکە بەئاشکراو بەتاسەوە گوزارشت لەکۆششێکی بەمەبەستو قوڵ بۆ دۆزینەوەی بڕو بیانوویەکی ئەخلاقی بۆ پاساودانی پرنسیپی سەپاندنی راو بۆچونی زۆرینەی رەها لەسەر کەمینە، دەکا. دەستورەکە لەڕەوتی نکوڵیکردن لەفرە کەلتوریی جیهانی عەرەبدا پەنا بۆ ئەو تیۆرییە دەبا کەگوایە نەتەوەی عەرەب ((یەکپارچەییەکی کەلتوری)) پێکدێنێ. تاکە ئاماژەی کرچو کاڵو تەمومژاوی بۆ ئەگەری بونی جۆرە فرە کەلتورییەك لەجیهانی عەرەبدا، لەهەمان بڕگەدا بەرچاو دەکەوێ کەتێیدا دان بەوەدا نراوە کە لەنێوان توخمە پێکهێنەرەکانی ((یەکپارچەییە کەلتورییەکە))دا



دەشێ هەندێ ((جیاوازی)) هەبێ. بەڵام دەستورەکە سێ خەسڵەت بۆ ئەو جیاوازییانە دیاری دەکاو بەم پێیە ئەو جیاوازییانە ((سەرپێین)) واتە بنچینەیی نینو کاریگەری لەسەر تۆکمەیی ((یەکپارچەییە کەلتورییەکە)) بەجێ ناهێڵن، هەروەها ((ساختەن))، واتە وەك هەر شتێکی خەیاڵی، لەڕاستیدا نینو گوزارشت لەڕاستی یە ماددییەکان ناکەن، لەکۆتاییشدا ((لەسۆنگەی رابونی ویژدانی عەرەبەوە)) شیاوی لەناوچونو هەڵوەرینن. لکاندنی ئەم سێ خەسڵەتە بەجیاوازییەکانەوە، لەگەوهەردا هەڵتەکاندنێکی تەواوی هەر داننانێکە لەلایەن حزبی بەعسەوە بەبونی جیاوازیی راستەقینەدا.

دەقەکەی بێزارییەکی نائاسایی لەهەر فرە کەلتورییەك یا لەهەر جیاوازییەکی کەلتوری دەردەبڕێ. لەکاتێکدا دەقەکە ئاماژەیەکی سەرپێی بۆ بونی ((جیاوازیی کەلتوری)) تێدایە، ئەو دەستەواژانەی پاش ئاماژە پێکردنەکە بۆ ناساندنی ئەو جیاوازییانە دێن، هیچ پابەندبونێکیان لەلایەن حزبی بەعسەوە

سەبارەت بەڕێزلێنانی ئەو جیاوازییە کەلتورییانە لێ هەڵناکرێنرێو لەناوەڕۆکدا ئاماژەیەکی وایان تێدا بەدی دەکرێ کەگوایە دەشێ ((یەکپارچەیی کەلتوری)) لەڕێی تواندنەوەو نەهێشتنی کەلتورە خۆماڵییەکان بەدی بهێنرێ چونکە ئەو جیاوازییانە، وەك دەقەکە دەڵێ، ((سەرپێیین، ساختەن و لەسۆنگەی رابونی ویژدانی عەرەبەوە لەناو دەچن)). جەخت کردن لەسەر ((یەکپارچەیی کەلتوری)) بۆچونێکی وا بەدەستەوە دەدا کەبیرۆکەی کرچو کاڵیی کەلتورە خۆماڵییەکان و زاڵی و مەزنیی کەلتوری نەتەوەی سەردەست بەشێوەیەکی رەهاو مشتومڕ هەڵنەگر، بیرۆکەیەکی سەقامگیرەو شیاوی هەموار کردن نیە.

بۆچونەکانی حزبی بەعس، کاتێك لەچوارچێوەی دەستورەکەی خۆیدا هەڵدەسەنگێنرێن، گوزارشت لە بەسوکایەتی تەماشاکردنی هەمو ئەو کەلتورانە دەکەن کەپەیوەندییان بەکەلتوری زۆرینەوە نیە، یاخود جیاوازییان لەگەڵیدا هەیە. لەخاڵی دووەمی پرنسیپی یەکەمدا دەستور



پەراوێزێکی زۆرتر بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکە شاراوەکانی خاڵی یەکەم دەرەخسێنێو بەئاشکراو بەڕاشکاوی و بەوپەڕی رۆشنییەوە رایدەگەیەنێ کەنیشتمانی عەرەب ((بۆ عەرەبە))و ((تەنها)) عەرەبیشە کە((مافی مشورخواردنی کاروبارو سامان و تواناکانی)) هەیە. لێرە مەسەلەکە ئەوەندەی پەیوەندیی بەهەڵوێستێکی نەیارانەوە بەرامبەر بەکەمینەکان هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بەپرنسیپەوە نیە. هۆی ئەوەی کەدەستورەکە مۆرکێکی گشتی بەدەستەواژەی ((عەرەب)) دەبەخشێ، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەداڕێژەرانی دەستورەکە نایانەوێ دان بەوەدا بنێن کە لەنێو دانیشتواندا خەڵکانێك هەن کەعەرەب نین. بەم چەشنە، ئاماژە کردن بەو شێوە گشتییە بۆ ((عەرەب)) ئاماژەیەکە بۆ سیمایەکی نەتەوەیی لەسەر مۆدێلی سۆسیال-ناسیۆنالیستیی نازیستەکان لەتێڕوانیندا بۆ نەتەوە وەك قەوارەیەکی یەکگرتوی توندو سفتی بێ کەمترین جیاوازی و بێ ناتەبایی و دور لەبچوکترین درزو کەلێن.

بەندی ١١ی دەستورەکە لەهەمو بەندەکانی تر راشکاوتر دێتە بەرچاوو ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەم بەندە بڕوانینە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لەعیراق‌و دەرکردنی کورد لەکەرکوك‌و ناوچەکانیتر، ئەو ئۆپەراسیۆنانە وەك پراکتیزەکردنێکی دەقاودەقی ئەو بەندە دێنە بەرچاو. ئەم پراکتیزەکردنە وردەی تیۆرییەکە ساغیدەکاتەوە کەدەستورەکە بەجۆرێك داڕێژراوە کەبارودۆخێکی سایکۆلۆژی بۆ پەسەندکردنی هەر هانا بردنێکی کتوپڕ بۆ جێبەجێکردنی بەندەکە، فەراهەم بکات. بەندی ١١ دەڵێ ((هەر چی بانگەشە بۆ، یاخود دەچێتە ریزی گەلەکۆمەکێیەکی رەگەزپەرستانە لەدژی عەرەب‌و هەر چی بەمەبەستێکی کۆلۆنیالیستی کۆچی بۆ عەرەبستان کردبێ، لەعەرەبستان دەردەپەڕێنرێ)). بەم پێیە، دەستورەکە رەوایی بەپرنسیپی دەرکردن دەبەخشێ. لێرەدا گرنگە تێبینی ئەوە بکرێ کەحزبی بەعس بەر لەوەی لەسوریاو عیراق بگا بەدەسەڵات، بانگەشەی بۆ ((دەرپەڕاندن)) کردوە. دەقەکە زۆر بەوردی هۆکانی دەرپەڕاندن دیاری دەکا. چەمکی



دەرپەڕاندن بەو جۆرەی کەدەستورەکە گوزارشتی لێ دەکا، یەکێ لەداهێنانەکانی حزبی بەعسە کەبیرکردنەوەی لەگەڵ قبوڵ کردنی بیروڕای جیاوازدا یەکناگرێتەوە. بەپێی دەقەکە، بانگەشەکردن بۆ گەلەکۆمەکێی رەگەزپەرستانە یەکێ لەو هۆیانەیە کەدەبنە مایەی دەرپەڕاندن. بڕگەکە گوزارشت لەهەوڵدانێك بۆ بەرەوا ناساندنی سیاسەتی داپڵۆسینی کۆمەڵایەتی دەکاو پاساو بۆ سەرکوت کردنی ئەو گروپانە دێنێتەوە کەدەشێ هەڵسوڕانی سیاسییان وا لێك بدرێتەوە کەبانگەشەیە بۆ گەلەکۆمەکێیەکی رەگەزپەرستانە لەدژی عەرەب. خاڵی جێ سەرنج کەدەستور تێبینی نەکردوە ئەوەیە کەخودی حزبی بەعس گەلەکۆمەکێیەکی رەگەزپەرستانەیە بەو مانایەی کەئەم حزبە حزبێکە بانگەشە بۆ خزمەتکردنی توخمێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ دەکا نەك تەواوی کۆمەڵ.

دەستورەکە دەرفەتێك بۆ حزبی بەعس یاخود بۆ ئەو گروپەی کەنوێنەرایەتی حزبی بەعس دەکا، دەرەخسێنێ تا ناوەڕۆکی ئەو هەڕەشەیە دەستنیشان بکا کە گروپێکی دیاریکراو لەدژی

ئاسایشی دەوڵەت پێکیدەهێنێ‌و لەم روانگەیەوە هەر بانگهێشتێکی ئەندامانی ئەو گروپە بۆ پێکەوەنانی رێکخراوێکی سیاسی یاخود چونە ریزی رێکخراوێکی سیاسی، دەشێ لەدیدی حزبی بەعسەوە بە ((گەلەکۆمەکێیەکی رەگەزپەرستانە لەدژی عەرەب)) بدرێتە قەڵەم. لێرە پەراوێزی مانۆر لەکاتێکدا بۆ حزبی بەعس لەوپەڕی بەرینیدایە، بۆ ئەو گروپەی کەئۆباڵی گەلەکۆمەکێی رەگەزپەرستانەی دەخرێتە پاڵ، لەوپەڕی تەنگەبەریدایە. ئاشکراشە کەدەرپەڕاندن، بەو جۆرەی کە لەدەقەکەدا هاتووە، بەمانای داماڵینی هەمو مافە مەدەنییەکان لەدەرکراو دێ.

پێناسەی ((دەرپەڕاندن)) کەدەقەکە هانای بۆ دەبا، بەو واتایە دێ کەهەمو هەڵسوڕانێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی گشتی ئەو گروپانەی کە لەبیروباوەڕدا لەگەڵ بیروباوەڕی حزبی بەعسدا یەکناگرنەوە، دەشێ بچێتە خانەی بانگەشەکردن بۆ گەلەکۆمەکێی رەگەزپەرستانە لەدژی عەرەب. ئەمە نەك هەر ئەو گروپانە دەگرێتەوە کە قەوارەیەکی بچوکیان هەیە، بەڵکو



هەروەها ئەو گروپانەش کەزۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن وەك، بۆ نمونە، شیعەکان، ئەگەرچی شیعەکان لەڕوی نژادەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ عەرەبدا نیە. بەم پێیە، دەشێ بانگهێشتێکی شیعە بۆ دروست کردنی رێکخراوێکی سیاسی تایبەت بەخۆیان، لەدیدی حزبی بەعسەوە بەگەلەکۆمەکێیەکی رەگەزپەرستانە بدرێتە قەڵەم بەو بیانووەی کەگوایە ئەم بانگهێشتکردنە بایەخی پێویست بەپرنسیپی نەتەوایەتی نادا کەحزبی بەعس، لەڕوی تیۆرییەوە، دەیخاتە سەروی هەمو پرنسیپێکەوە.

دەرپەڕاندن بەمانای دورخستنەوەی هەمو ئەو گروپانەی دانیشتوان دێ کەحزبی بەعس بەچاوی گومان‌و سوسەوە دەڕوانێتە هەڵوێستیان بەرامبەر بەناسیۆنالیزمی مۆدێل بەعسییانەو بەم پێیە، حزبی بەعس مانەوەی ئەو گروپانە بەهەڕەشە بۆ سەر خاوێنیی رەگەزو تۆکمەیی ئایدیۆلۆژیاو ئاسایشی دەوڵەت دادەنێ.

بەکردەوە، دەرپەڕاندن لەگەوهەردا مانای پاکتاوکردنی رەگەزی لەخۆ دەگرێ، کاتێك وەك بەشێك لەسیاسەتی داپڵۆسینی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێو گروپێکی بەژمارە زۆری دانیشتوان دەگرێتەوە.

دوو سەرکەوتنە هەرە رونەکەی دەرپەڕاندن لەلای زایۆنیزم لەوەدا دەردەکەون کەبزوتنەوەی زایۆنیستیی بەجولەکردن دەستکەوتی دیاری لەپاکتاوکردنی تایبەتمەندییە خۆماڵییەکانی عەرەبدا لەو ناوچانەدا بەدەست هێنا کە بەپێی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین بەر ئیسرائیل کەوتنو پاشتریش لەو ناوچانەدا کەجولەکەکان پاش دەرچونی بڕیاری دابەشکردن تا بڕانەوەی یەکەم جەنگی ساڵی ١٩٤٨ی نێوان عەرەب-ئیسرائیل، توانییان دەستیان بەسەردا بگرن. لەهەمو ئەو ناوچانەدا کەعەرەبو دروزەکان تێیدا بون بەکەمینەی پەراوێزخراوو چیدی توانای تێکهەڵکێشبونی تەواویان لەژینگە تازەکەدا نەما، جولەکەکان کۆمەڵێکی تایبەتیان بۆ خۆیان پێکهێنا. پێداگرتنی زایۆنیزم لەسەر بەجولەکەکردنی ژینگە



تازەکە بەڵگەی سوربونە لەسەر وەدیهێنانی هۆمۆجینیی رەگەز لەناوچەکاندا. هۆی ئەم سوربونە دەچێتەوە سەر ئەوەی کەبەدی هێنانی ژینگەیەکی لەڕوی رەگەزەوە خاوێن، کە بەکردەوە دەکاتە بەجولەکەکردنی ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، بەبێ دەرکردنو دەرپەڕاندنی دانیشتوان نایەتە دێ.

سەبارەت بەدەرپەڕاندن، حزبی بەعس دو ئەزمونی هەیە کەمێژوی یەکێکیان دەچێتەوە سەر ساڵی ١٩٧٠، کاتێك دەستی بەدەرکردنی فەیلییەکان کرد. جیاوازی لەنێوان ئەو دەرپەڕاندنەی کەئیسرائیل لەدژی فەلەستینییەکان ئەنجامیداو ئەو دەرپەڕاندنەی کەحزبی بەعس لەدژی فەیلییەکان پەیڕەویی کرد، پەیوەندیی بەو ئەنجامەوە هەیە کە لەهەر دەرپەڕاندنێك بەدی هاتوە.

هەردو سیاسەتی زایۆنیستیو بەعسییانەی دەرپەڕاندن بەخۆڕایی پەیدا نەبون، بەڵکو زادەی بەرژەوەندیو دیدی فیکرین. ساڵی ١٩٤٩ دەوروبەری ٧٢٦ هەزار فەلەستینی ئاوارە بون کەزۆربەیان دانیشتوانی ئەو سەرزەمینە بون کە

بەپێی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین بەر ئیسرائیل کەوت. هەندێ ڕاپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەسەرجەمی ٤٧٥ گوندی فەلەستینی، ٣٨٥ گوند بەتەواوی وێران کرانو تەنها لەچەند شوێنێکی جەلیلو نەقەبو سێگۆشەکە عەرەبو دروزەکان خۆیان ڕاگرت[٤]. دەرپەڕاندن هاوتەریب بوو لەگەڵ بەدەستهێنانی سەرزەمینێکی زۆرتر بۆ دەوڵەتی جولەکە. زەوی بۆ زایۆنیزم گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە ئیسرائیل پێویستی بەزەوییەکی زۆرە بۆ جێکردنەوەی ژمارەیەکی زۆرتری کۆچەرانی جولەکە. هیچ دەوڵەتێك لەجیهاندا ئەو بایەخە رەهایە بەزەوی نادا کەئیسرائیل دەیدا، چونکە مەسەلەکە بۆ ئیسرائیل بەر لەوەی پەیوەندیی بەباوەڕەوە هەبێ پەیوەندیی بەئاسایشەوە هەیە. لەڕوی تیۆرییەوە، زەوی ئەگەر فراوان بێ، لێی رادەبینرێ مەترسیی هێرشی کتوپڕ کەم بکاتەوەو بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکان قوڵاییەکی ستراتیجی بۆ دەوڵەت دابین بکات. دەکرێ هاوکێشەکە بەجۆرە کورت بکرێتەوە: چەند دەوڵەت سەرکەوتنی زۆرتر لەدەرپەڕاندنی دانیشتوانی ناجولەکە بەدەست



بهێنێ، ئەوەندە زۆرتر زەویی چنگ دەکەوێو ئەو زەوییەش لێی رادەبینرێ ژمارەیەکی زۆری کۆچکەری جولەکە لەخۆ بگرێ. لێرە دەکرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەپێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکان تێکەڵ بەپێداویستییەکانی ئاسایش دەبنو ئایدیۆلۆژیا بەو پێداویستییانە باسکی خۆی ئەستور دەکا کەپشت بەداخوازییە ئەمنییەکان دەبەستن.

لەنێوان دەرپەڕاندنی فەلەستینییەکان لەلایەن ئیسرائیلەوەو دەرپەڕاندنی فەیلییەکان لەلایەن حزبی بەعسەوە جیاوازی هەیە. لەماوەی نێوان دە ساڵەکەی ١٩٧٠و ١٩٨٠دا حزبی بەعس دەوروبەری ٤٠٠ هەزار فەیلی بۆ ئێران دەرکرد[٥]، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو فەیلییانەی لەماوەی نێوان دە ساڵەکەی ١٩٨٠و ١٩٩٠دا دەرکران، گەیشتە زیاد لەنیو ملیۆن کەس[٦]. لێرەدا ئەم سیاسەتە ئەوەندەی گوێڕایەڵی پێداویستییەکانی ئایدیۆلۆژیایە، ئەوەندە گوێڕایەڵی هیچ پێداویستییەکی تر نییە. لەم سەروبەندەدا سەرنجی ئەوە دراوە کەحزبی بەعس ویستی هێز دەخاتە بەر خزمەتی پێداویستییەکانی ئایدیۆلۆژیا. ئەگەرچی

حزبی بەعس فەیلییەکانی دەرکرد بەلاّم ئەم کارە، بەپێچەوانەی ئەوەی کەئیسرائیل لەدەرکردنی دانیشتوانە فەلەستینیەکاندا چنگی کەوت، بەو سەرەنجامە نەگەیشت کەحزبی بەعس هیچ زەوییەکی چنگ بکەوێ. دیارە لەم روەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە. دەرپەڕاندنی دانیشتوانی فەلەستینی لەلایەن جولەکەوە لەگەوهەردا دەرپەڕاندنی گروپێکی دانیشتوانە کەئەندامەکانی بەشێکی تەونی کۆمەلاّیەتیی جولەکە پێکناهێنن. لەکاتێکدا دەرپەڕاندنی فەیلییەکان دەرپەڕاندنی گروپێکی دانیشتوانە کە بەشێکی تێکهەڵکێشی پێکهاتەی کۆمەلاّیەتیی عیراق پێکدێنێ.

لەهەردو دەرپەڕاندندا دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەهەڵسوڕاوانی پرۆسەکە وا پاکانەیان بۆ دەرکردنەکە هێناوەتەوە کەباشترە گروپە دەرپەڕێنراوەکان بچنە پاڵ هاورەگەزو هاوشارستانیەکانی خۆیانەوە. ئەگەرچی بەهیچ کلۆجێك ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کەجۆرە پەیوەندییەك، لەروی زمان یان رەگەز یان دین یان مەزهەب یان ریشەی شارستانی



یان رابردوی مێژوییەوە، لەنێوان گروپە دەرپەڕێنراوەکانی ئیسرائیلو عیراقو نێوان ئەو ناوچانەی بۆی دەرکران وەك ناوچە فەلەستینیەکانی تر لەلای فەلەستینییەکانو ئێران لەلای فەیلییەکان، بەلاّم تێکڕای مەسەلەکە، پاساوەکان هەر چییەك بن، لەچوارچێوەی پاکتاوکردنی رەگەزی ناترازێ.

ئەوەی جولەکە لەدەرپەڕاندنی فەلەستینیەکانی بەدەست هێنا، زۆر لەوە زۆرترە کەحزبی بەعس لەدەرپەڕاندنی فەیلییەکانی چنگ کەوت. دەتوانرێ سیاسەتی دەرپەڕاندنی فەلەستینیەکان لەلایەن جولەکەوە وا بناسێنرێ کەستراتیجێکی نەتەوەیی مەودا دورە بۆ خزمەت کردنی دەوڵەتو فراوان کردنی قەڵەمڕەوەکەیو دەستەبەرکردنی هەلی گونجاو بۆ نیشتەجێکردنی ژمارەیەکی زۆرتری کۆچکەرانی جولەکە. دیارە ئەم سەرەنجامە لەسیاسەتی دەرپەڕاندنی فەیلییەکاندا بەدی ناکرێ چونکە ئەم سیاسەتە بەهیچ شێوەیەك گوزارشتی لەهیچ ئامانجێکی کۆمەلاّیەتی نەکردوەو ناکرێ وەك ستراتیجێکی نەتەوەیی مەودا دور بناسرێ چونکە بەم دەرپەڕاندنە دەوڵەت

گروپێکی دانیشتوانی لەدەستدا کەخزمەتی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان دەکردو لەسۆنگەی رابردوی شارستانیانەوە کەتێکهەڵکێشی رابردوی ئێران بووە، لێیان رادەبینرا بتوانن پێکگەیشتنێکی شارستانی لەنێوان عیراق ئێراندا فەراهەم بکەن. کاتێك فەیلییەکان لەگەڵ جولەکە عیراقییەکاندا بەراورد دەکرێن، دەبینین فەیلییەکان وەك گروپێکی گورج و گۆڵ و چوست و چالاك، لەجولەکە عیراقییەکان زیاتر ئەو بەهرەیەیان تێدا هەڵکەوتبو کەبەبێ هیچ بەربەستێك تێکەڵ بەکۆمەڵی فرە ریشەی عیراق بن و لەم بوارەدا توانییان گروپێکی شیاوی تێکهەڵکێش بون تا ئەندازەی توانەوە پێك بێنن. لەم روەوە فەیلییەکان تارادەیەکی زۆر سودیان لەو دوالیزمەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان وەرگرت کەدەرفەتی بۆ رەخساندن لەروی نژادەوە پەیوەندییان بەکوردەوە هەبێ و لەروی مەزهەبەوە بەشیعەکانەوەو لەروی جوگرافیاییەوە بەعەرەبەوەو ئەمەش بوە مایەی سەقامگیرکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتی —ئابورییان.



لەئیسرائیلدا دەرپەراندنی دانیشتوانە فەلەستینیەکان پەیوەندیی بەدیدێکی جیۆ-سیاسییەوە هەیە، لەکاتێکدا لەعیراقدا دەرپەراندنی فەیلییەکان پەیوەندیی بەهیچ دیدێکی جیۆ- سیاسییەوە نیەو لەم بوارەدا حزبی بەعس ئەوەندەی پێی کرابێ هەوڵی داوە وا پاکانە بۆ دەرپەراندنەکە بێنێتەوە کەبەشێکە لەململانێی لەگەڵ رژێمی ئێراندا. دەشێ ئەو پرنسیپەی کەمافی هەڵسوراندنی کاروبارو مشورخواردنی سامان تەنها بەعەرەب رەوا دەبینێ، لەمەسەلەی سوربونی حزبی بەعس لەسەر دەرپەراندنی فەیلییەکان تاکە پاساوی ئایدیۆلۆژیی رون و ئاشکرا بێ.

ئەگەرچی لەدەرپەراندنی فەیلییەکاندا هیچ پاساوێکی جیۆ-سیاسی نابینرێ، بەڵام دەشێ بگوترێ کە لەسیاسەتی دەرپەراندنی کورد، بەتایبەتی لەکەرکوك و خانەقین، جۆرە دیدێکی جیۆ-سیاسی هەیە. ئەم سیاسەتە لەو سۆنگەیەوە کەپەیوەندیی بەچەردەیەك فاکتەری نائایدیۆلۆژیەوە هەیە، لەئامانجدا جیاوازە لەسیاسەتی دەرپەراندنی فەیلییەکان و زۆرتر

لەسیاسەتی دەرپەڕاندنی دانیشتوانە فەلەستینییەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە نزیك دەبێتەوە. لەماوەی نێوان ١٩٩١و ٢٠٠٣دا کەتێیدا قەڵەمڕەوێکی فراوانی هەرێمی کوردستان لەچنگ دەسەڵاتی ناوەند رزگاری بوو، حزبی بەعس پەرەی بەدەرپەڕاندنی دانیشتوانی کوردی کەرکوك‌و خانەقین دا.

کۆشش بۆ بەدی هێنانی کۆمەڵێك لەکەرکوك‌و خانەقین کە کەمترین بڕی فاکتەری فرە رەگەزیی تێدا بێ، بەو ئاکامە گەیشت کەدەوروبەری ١٠٠ هەزار کورد بۆ سلێمانی‌و هەولێرو ناوچە عەرەب نشینەکان دەربکرێن. جێی تێڕامانە کەدەرپەڕاندنی دانیشتوانە فەلەستینییەکان لەساڵی ١٩٤٨، واتە ئەو سیاسەتەی کەزەویەکی زۆری لەدەرەوەی سنوری بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین بۆ ئیسرائیل دەستەبەر کرد، وەك ئەوە دێتە بەرچاو کەگوزارشتێکی کردارەکییە لەو تێڕوانین‌و پێداویستییە جیۆ- سیاسییانەی کە لەو قۆناغەدا دەوڵەتی ئیسرائیل پێویستی پێبوە. ئەگەرچی دەرپەڕاندنی دانیشتوان لەکەرکوك‌و خانەقین، بەپێچەوانەی دەرپەڕاندنی فەیلییەکانەوە،



لەباری سەرنجی حزبی بەعسەوە پەیوەندیی بەچەند پێداویستییەکی جیۆ- سیاسییەوە هەیە، بەڵام ناکرێ تێڕوانینی جیۆ-سیاسی ئیسرائیل سەبارەت بەدەرپەڕاندنی فەلەستینییەکان‌و تێڕوانینی جیۆ- سیاسی حزبی بەعس سەبارەت بەدەرپەڕاندنی کورد لەکەرکوك‌و خانەقین بەیەك تەرازو کێشانە بکرێ چونکە ئەو لێکچونەی لەنێوان هەردو سیاسەتدا لەئارادایە، رێ لەوە ناگرێ کە لەم بارەیەوە جیاوازیی جەوهەریش هەبێ. لەهەردو شوێندا، دەرپەڕاندنی دانیشتوان هاوتای نیشتەجێکردنی دانیشتوانێکی تازە بوو کە لەناوچەی دورەوە، بەتایبەت بەمەبەستی نیشتەجێبون، هێنرابون. بەڵام کۆششی هەردو سیاسەت بۆ بەدی هێنانی یەك ئامانج بەو مانایە نایەت کەئیدی هۆکانی هانا بردن بۆ سیاسەتەکە یەك هۆن. دەرپەڕاندنی دانیشتوان لەئیسرائیل زیاتر لەهەر شتێکی تر پشت ئەستورە بەگرنگیی زەوی بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێکردنی کۆچکەرانی جولەکەو دابین کردنی قولاییەکی ستراتیجی لەرێی فراوان کردنی قەڵەمڕەوی دەوڵەتەوە. ئەم چەشنە فاکتەرانە

لەهاندانی حزبی بەعس بۆ دەرپەڕاندنی دانیشتوانی کورد لەکەرکوکو خانەقین هیچ رۆڵێکیان نیە چونکە عیراق بەپێچەوانەی ئیسرائیلەوە بەدەست گیروگرفتی نیشتەجێکردنی دانیشتوانەوە گیری نەخواردوەو لەعیراقدا سیاسەتی ناوخۆیی لەژێر کاریگەریی ئامانجی فراوان کردنی روبەر بەڕێوە ناچێ. لێرە مەسەلەکە کاری بەسەر گیروگرفتی نیشتەجێکردنی کۆچکەرانەوە نیە بەڵکو کاری بەسەر سیاسەتێکەوەیە ئامانجەکەی نەهێشتنی دانیشتوانی کوردە لەهەردو ناوچە لەسۆنگەی چەند فاکتەرێکەوە کەپەیوەندییان بەنەوتەوە هەیە. لەباری سەرنجی حزبی بەعسەوە، بونی کورد لەناوچە نەوتییەکان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتو لەم روانگەیەوە نەهێشتنی ئەم هەڕەشەیە پێویست بەدەرپەڕاندنی دانیشتوانی کوردو نیشتەجێکردنی عەرەب لەجێیان دەکا.

لەئایدیۆلۆژیای بەعسدا سیاسەتی دەرپەڕاندن سیاسەتێکی بنچینەییە، لەکاتێکدا ئەم سیاسەتە بۆ ئایدیۆلۆژیای زایۆنیزم لەسۆنگەی دژواریی جێبەجێکردنەوە بەهۆی فاکتەرە نێو



دەوڵەتییەکانەوە، لەساڵی ١٩٦٧ ـەوە چەقیوە. پێداگرتنی حزبی بەعس لەسەر سیاسەتی دەرپەڕاندن ساغیدەکاتەوە کەئەم سیاسەتە سیاسەتێکی هەمیشەیی نەگۆڕەو ئەوەی ئەمەش دەسەلمێنێ ئەوەیە کەدەستوری حزبی بەعس لەبەندی ٤٩دا کەبەندێکی تایبەتە ماف بەکەس نادا دەستکاریی سێ پرنسیپە بنچینەییەکەو ١٣ بەندەکەی پرنسیپە گشتیەکە بکا، لەوانە بەندی ١١ کەمافی دەرپەڕاندن بۆ حزبی بەعس دەسەلمێنێ.

هەردو سیاسەتی بەعەرەبکردنو بەجولەکەکردن وەك گوزارشتێکی نمونەیی لەسوربون لەسەر پێکەوەنانی نیشتمانێك لەسەر مۆدیلێکی تایبەتو زاڵ بەسەر تەگەرەکانی جوگرافیاو مێژوودا، خۆیان دەنوێنن. بەم واتایە، ئامانجی ئەم دو سیاسەتە سەرلەبەر دروستکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە بە لەبەرچاو گرتنی کەلەپوری کۆن یاخود بەهەماهەنگی لەگەڵ پێداویستییە سیاسییەکان یان ئابورییەکان یان فاکتەرە جیۆ-سیاسییەکان.

بۆ زایۆنیزم، تێکهەڵکێشکردنی مێژوو و جوگرافیا لەسیاسەتی بەجولەکەکردندا تا ئەندازەیەکی زۆر رونو رۆشن دێتە بەرچاو. بەڵام لەئایدیۆلۆژیای بەعسیزمدا تێکهەڵکێشکردنی مێژوو و جوگرافیا هیچ بەهایەکی تێدا بەدی ناکرێو ئەمەش هۆی خۆی هەیە. لەکاتێکدا ناوچە فەلەستینیەکان لەمێژوی پیرۆزی جولەکەدا جێی شایستەی خۆیان هەیە، ناوچە کوردنشینەکان نە لەمێژوی پیرۆزی عەرەبدا جێیان هەیەو نە لەمێژوی نزیکی عەرەبدا. لەکاتێکدا سیاسەتی ئیسرائیلییانەی بەجولەکەکردن بەتێکهەڵکێشکردنی مێژوو و جوگرافیا تۆکمەترو پتەوتر بووە، سیاسەتی بەعسییانەی بەعەرەبکردن لەبەر ئەوەی ئەو قولاَییە مێژوییە پێویستەی نیە کەمێژوی لەجوگرافیا پێ تێکهەڵکێش بکرێ، تەنها بەجوگرافیا داکەوت.

وەك ئەوەی پێشبینی دەکرێو شتێکی لەگومان بەدەریشە، هەر سیاسەتێك مەبەستی گۆڕینی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بێ، هەر چیەك بێ پاساوەکەیو چەند پشت ئەستور بێ بەمێژوو



و جوگرافیا، لەلایەن پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نەویستراوەکانەوە بەسەختی بەرپەرچ دەدرێتەوە. ئەمەش ئەو سیاسەتە هاندەدا پەنا بۆ ئەنجامدانی ئەو تەگبیرانە ببا کەویژدانو ئاکاریان تێدا بەدی ناکرێ. هەردو سیاسەت وایان داناوە کەمافی خۆیانە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕنو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تازەتر کەلێیان رادەبینرێ باشترو کارامەتر بتوانن خزمەتی دەوڵەتو بەهاکانی بکەن، بێننە دی. بەڵام جیاوازیی نێوان هەردو سیاسەت دەوەستێتە سەر رۆشنی پاساوەکە. بەم پێیە، لەکاتێکدا دەبینین سیاسەتی بەجولەکەکردن، بەگەڕانەوە بۆ سەر مێژوی پیرۆزی تێکهەڵکێش بوو لەگەڵ جوگرافیا، پاکانە بۆ کردەوەو تەگبیرەکانی خۆی دەکا، ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم پشت بەپاساوێك دەبەستێ کەئەوەندەی دەچێتەوە سەر جوگرافیا ئەوەندە ناچێتەوە سەر مێژوو و لەم سۆنگەیەوە پایەکانی هەمیشە بەلەقی ماونەتەوە.

ئەو دەستەواژانەی لەهەردو سیاسەتدا بەکار دێن، رۆڵێکی گرنگیان بۆ تێگەیشتنی پاکانە تیۆرییەکان هەیە. لەسەردەمی

راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لەساڵی ١٩٤٨دا، جولەکەکان بەو ئاواتەوە بون کەبتوانن دەست بەسەر ناوچە فەلەستینیەکانی رۆژئاوای روباری ئوردون دا بگرن، بەو پێیەی کە ئەو ناوچانە بەشێکی سنوری سیاسیی ئەو دوو شانشینەی یەهوداو ئیسرائیلیان پێکهێناوە کەپاش کۆچی دوایی شا سلێمان لەساڵی ٩٣١ پ. ز سەریان دەرهێنا. ئیدی پاش گرتنی ئەو ناوچانە لەجەنگی ساڵی ١٩٦٧دا، ئیسرائیل بەشێوەیەکی رەسمی هەردو واژەی ((ناوچە بەڕێوەبراوەکان))و هەرێمی یەهوداو سامیرەی بۆ ناوچە فەلەستینیەکانی رۆژئاوای روباری ئوردن بەکار هێنا. ئەگەرچی شانشینەکەی ئیسرائیل کەپایتەختەکەی سامیرە بوو لەباکورداو شانشینەکەی یەهودا کەپایتەختەکەی ئورشەلیم بوو لەباشوردا، بەسەرەتای داهێزرانی سیاسیی جولەکە لەناوچەکەدا دادەنرێن، بەڵام هەڵبژاردنی ناوی یەهوداو سامیرە بۆ ناوچە فەلەستینیەکانی رۆژئاوای روباری ئوردن وەك ئەوە وابو هەوڵدانێك بێ بۆ سەرلەنوێ دوبارەکردنەوەی سەروەرییە مێژوییەکانی ئیسرائیلو تێپەڕاندنی



ئەو داهێزرانە سیاسییەی کە لەساڵی ٩٣١ پ. ز دەستی پێکرد. ناوهێنانی یەهوداو سامیرە لەگەوهەردا پشتیوانی کردنێکی ناڕاستەوخۆیە لەسیاسەتی سەرلەبەر بەجولەکردنەوەی هەرێمەکە لەو روانگەیەوە کەئەم هەرێمە لەچاخە دێرینەکاندا بەشێکی ناوچە مێژوییەکانی جولەکەی پێکهێناوە. لەکاتێکدا لەسیاسەتی بەعەرەبکردندا پاکانەی پشت ئەستور بەمێژوو لەوپەڕی لاوازیدایە چونکە ئەو ناوچانەی کوردستان کە کەوتنە بەر شاڵاوی بەعەرەبکردن، نەچونەتە نێو مێژوی عەرەبو بەدرێژایی چاخێکی دورو درێژی رۆژگار توانیویانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناعەرەبیانەی خۆیان بپارێزن. عیراقییەکان بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لەکاتی ئاماژەکردن بۆ هەرێمی کوردستان، واژەی باکوری عیراقیان بەکار هێناوەو هۆی سوربون لەسەر بەکارهێنانی ئەم واژەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەویستویانە روخساری رەگەزی لەو بەشەی عیراق دامالن، بەلام جاری واش هەبوە میانڕەوییان نواندوەو لەبری باکوری عیراق ناوچە کوردنشینەکانیان بەکار هێناوە، تا دواتر لەساڵی

١٩٧٠دا بەشێوەیەکی دەستوری لەخۆیان رابینی دەستەواژەی کوردستانی عیراق وەك ئاماژەکردن بۆ ئەو ناوچانەی کەکورد زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدێنێ، بەکار بهێنن.

سەرەڕای جیاوازیی نێوان پاساوی تیۆریکی هەر سیاسەتێك، هەر یەکێ لەدو سیاسەتەکە پاساویی ئەخلاقیی بۆ پشتگیریکردنی کردەوەی بێ بەزەییانەی وەك دەرکردنی دانیشتوانی خۆماڵیو دەستگرتن بەسەر موڵكو سەروەتو سامانو زەوییەکانیاندا، هێنایەوە.

سیاسەتی بەجولەکەکردن جەختی لەسەر بەهانە مێژوییەکانو چەند قۆناغێکی گرنگی مێژوی پیرۆزی جولەکە کرد. ئاماژەکردن بۆ مێژوی پیرۆز بەمەبەستی پاکانە کردن بۆ داگیرکردنی ناوچە فەلەستینیەکان، لەلێدوانێکی وەزیری بەرگریی ئیسرائیل مۆشێ دایان پاش جەنگی ساڵی ١٩٦٧، بایەخێکی زۆری هەیە. دایان وتی گوایە جولەکە بەو پێیەی کە ((گەلی کتێبە پیرۆزەکەن)) مافی خۆیانە((خاکی کتێبی پیرۆز)) وەرگرنەوە. رستەکانی پاشتر مانای ((خاکی کتێبی



پیرۆز)) رون دەکەنەوە کەخاکێکە تەنها ناوچە فەلەستینیەکان ناگرێتەوە بەڵکو ناوچەی تریش دەگرێتەوە. دایان وتویەتی ((پێویستە لەسەر دەوڵەتان لەوە بگەن کەسیناو بەرزاییەکانی جۆلانو تەنگەی تیرانو چیاکانی رۆژئاوای روباری ئوردن، بەبێگوێدانە بایەخە ستراتیجیەکەیان، کەوتونەتە ناوجەرگەی مێژوی جولەکەوە))(٧).

لەڕاستیدا دایان وەك زایۆنیستێك هەمان تێزە دێرینەکانی زایۆنیستە بەراییەکانی دوبارە دەکردەوە. پێش نزیکەی سەد ساڵ لەلێدوانەکەی دایان، ئەرنست لاهاران، سکرتێری تایبەتی ناپلیۆنی سێیەمی پاشای فەرەنسا، لەکتێبەکەیدا ((مەسەلەی تازەی رۆژهەڵات)) پێشنیاری کردبو جولەکەکان وڵاتی خۆیان لەدەوڵەتی عوسمانی بکڕنەوە. موسا هس، بیریاری کۆمەڵناسی جولەکەی ئەڵمانیا، لەنوسینێکدا کەپاش کتێبەکەی لاهاران بەدو ساڵ بڵاوی کردەوە، سەرنجی جولەکەی بەلای پێشنیارەکەی لاهاراندا راکێشاو داوای ((وەرگرتنەوەی سەرزەمینی باوباپیرانمان)) کرد(٨). بەهەمان پێودانگ پیریتز سمۆلینسکن،

رۆماننوسی جولەکەی روسیا، بەشێوازێك کەزیاتر ئەندێشە زاڵە بەسەریدا، نوسیویەتی ((ئێمە لەسەرەتاوە گەلێکمان لێ پێکهاتووەو ئێستاش هەر گەلین. تەنانەت پاش ئەوەش کەدەوڵەتەکەمان وێران بوو و دەربەدەر کراین، هەر بەگەلی ماینەوەو هەرچیەکیش لەئایندەدا بقەومێ، هیچ شتێك رواڵەتی جولەکانەمان لێ دانامالێ. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لەنەتەوەکانیتر ناچینو وەك چۆن کاتێك نیشتەجێی خاکی خۆمان بوین، لەنەتەوەکانیتر نەدەچوین، ئەمڕۆش لەنەتەوەکانیتر ناچین. ناسنامەی نەتەوەییمان بەند نیە بەخاکی پیرۆزو لەئاوارەییشدا بنەماکانی نەتەوایەتی خۆمان لەدەست نەدا. ئێمە هەمیشە نەتەوەیەکی دینی بوینو تەورات بناغەی دەوڵەتەکەمان بووە)) [9] .

نزیکەی ٤٠ ساڵ بەر لەوەی گەڕانەوەی جولەکە بۆ فەلەستین دەست پێ بکا، ئەلیعازر بن یەهودا، زمانزانو یەکێ لەپێشڕەوانی بزاوتی رابونی مۆدێرنی جولەکە، لەنوسینەکانیدا هاواری کرد ((خاکی باوباپیرانمان چاوەڕێمانە)) [10]. بەڵام



تیۆدۆر هرتزل، دامەزرێنەری زایۆنیزمی سیاسیی مۆدێرن، لەکتێبەکەیدا ((دەوڵەتی جولەکە)) لەساڵی ١٨٦٩دا رونترو راشکاوتر وتی ((فەلەستین ئەو نیشتمانە مێژووییەی ئێمەیە کەناتوانین لەبیری خۆمانی بەرینەوە)) [11]. بەمجۆرە، زایۆنیستە بەراییەکان بەهەوڵو کۆششی خۆیان توانییان بنچینەیەکی بیریاری بۆ گەڕانەوە بۆ فەلەستینو بەجولەکەکردنەوەی خاکی پیرۆز فەراهەم بکەن.

پاش دە ساڵ لەداگیرکردنی ناوچە فەلەستینیەکان، پارتی راستڕەوی لیکۆد هێشتا ئەوەی دوبارە دەکردەوە کەئیسرائیل مافی خۆیەتی دەست بەسەر ناوچە فەلەستینیەکاندا بگرێ. ئەوەی ئاماژە بۆ ئەمە دەکا، بەرنامەی لیکۆدە لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٧دا کەتێیدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ((نابێ بۆ حوکمڕانیەکی بیانی دەست لەیەهوداو سامیرە هەڵبگیرێ))و پێویستە لەپانتایی نێوان روباری ئوردونو دەریای ناوەڕاستدا تەنها یەك دەوڵەت هەبێ [12]. کاتێك لەکۆتایی هەمان ساڵدا نەخشەی بیگن سەبارەت بەئۆتۆنۆمیی فەلەستین راگەیەنرا،

لیکۆد ئەوەندەی بۆی لوا هەوڵیدا تێگەیشتنێکی وا پەیدا نەبێ کەگوایە نەخشەکە مافی ئیسرائیل لەهەڵسوڕاندنی ناوچە فەلەستینیەکاندا بەفیڕۆ دەدا. لەکاتێکدا نەخشەکە پێکەوەنانی ئەنجومەنێکی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ بۆ فەلەستینیەکان پەسەند کرد، لێپرسراوەتیی پاراستنی ئاسایش‌و هەڵسوڕاندنی کاروباری ئاوو زەویی بۆ ئیسرائیل هێشتەوەو ئەو مافەی بۆ جولەکە سەلماند کەزەوی بکڕن‌و لەناوچە فەلەستینیەکاندا نیشتەجێ بن. بەشێوەیەکی گشتی، لەدیکۆمێنتێکی ٢٦ خاڵی دا، مەسەلەی سەروەری لەناوچە فەلەستینیەکاندا بەکراوەیی هێڵرایەوە[١٣].

لەم سەروبەندەدا، لەعیراقدا سیاسەتی بەعەرەبکردن روبەڕوی گیروگرفتێکی ئەخلاقی بۆوە. ئەم سیاسەتە، بەپێچەوانەی سیاسەتی بەجولەکەکردنەوە کەپشت ئەستور بوو بەپاساوی مێژویی پتەوو تۆکمە، هیچ پاساوێکی مێژویی پشتیوانی لێ نەکردو لەم سۆنگەیەوە حزبی بەعس لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بۆ



سەقامگیرکردنی سیاسەتەکەی پشت بەمێژو ببەستێ، هانای بۆ جوگرافیا برد.

حزبی بەعس وایدانا کەئەو سەرزەمینەی کوردی لەسەر دەژی، لەڕوی جوگرافیاییەوە بەشێکی نیشتمانی نەتەوەیی عەرەب پێکدێنێ. ئەم تیۆرییە بەوە گەیشتە ئەوەگ کەحزبی بەعس ئەو تێڕوانینەی بۆ خۆی گەلاڵەکرد کەپێویستە کورد، وەك گەل، لەخاك، وەك نیشتمان، جیا بکرێتەوە چونکە هەر لێکگرێدانێکی گەل‌و نیشتمان لێی رادەبینرا ببێ بەمایەی پوچەڵکردنەوەو بنکۆڵکردنی تیۆریی دانانی ناوچەی کوردنشین بە بەشێکی نیشتمانی نەتەوەیی عەرەب.

یەکەم ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بۆ نەبونی نیشتمانێکی جیا بۆ کورد، لەبەندی حەوتەمی دەستوری حزبی بەعس‌دا هەستی پێ دەکرێ کەبەندێکە تایبەتە بەدەستنیشان کردنی سنوری جوگرافیای نیشتمانی نەتەوەیی عەرەب. بەندەکە وای داناوە کەنیشتمانی نەتەوەیی عەرەب ((ئەو پارچە سەرزەمینەیە کەنەتەوەی عەرەبی لەسەر نیشتەجێیەو کەوتۆتە نێوان کێوەکانی

تۆرۆس‌و کێوەکانی پشتکوو و کەنداوی بەسرەو دەریای عەرەب‌و کێوەکانی حەبەشەو بیابانی گەورەو ئۆقیانوسی ئەتلانتیك‌و دەریای ناوەڕاست))[١٤]. وردبونەوە لەو سنورەی کەحزبی بەعس بۆ نیشتمانی نەتەوەیی عەرەبی پێشنیار کردوە، دەری دەخا کەسنورە پێشنیارکراوەکە ناوچەی کوردنشین دەخاتە پاڵ نیشتمانی نەتەوەیی عەرەبەوە.

سنوری نیشتمانی نەتەوەیی عەرەب بەو جۆرەی کەحزبی بەعس کێشاویەتی، لەودیوی رۆژهەڵاتدا بەتەواوەتی هاوجوتە لەگەڵ سنوری نێوان ئێران‌و دەوڵەتی عوسمانی بەپێی دوایین پەیمانی مۆرکراوی سنوری نێوانیان لەئەرزروم لەساڵی ١٩١٣دا، سنورێك کەزادەی رێککەوتنی هەردولا بوو و لەناوەڕۆکدا ئاماژەیەك بوو بۆ سوربونی هەردوولا لەسەر کۆتایهێنانی یەکجارەکی بەگیروگرفتە دێرینەکانی سنوری نێوانیان. ئەو سنورە هیچ شتێکی وای تێدا نیە ئاماژە بێ بۆ بایەخدانی هەردو دەوڵەت بە لەبەرچاوگرتنی راستیە ئیتنیکیەکان لەکاتی کێشانی سنوردا.



کاتێك لەساڵی ١٩٢١ دا دەوڵەتی عیراق دامەزرا، ئەو دەوڵەتە سنوری ئێران-دەوڵەتی عوسمانی بەپێی پەیمانی ناوبراو بەمیرات بۆ مایەوەو لەساڵی ١٩٢٥دا عیراق بەیارمەتیی بەریتانیا بڕیارێکی لەکۆمەڵەی گەلانەوە چنگ کەوت کەڕێیپێیدا دەست بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا بگرێ. بەمجۆرە، داڕێژەرانی دەستوری حزبی بەعس مەبەستیان بوو سنوری ئێران-دەوڵەتی عوسمانی‌و سنوری هێڵی برۆکسل لەنێوان تورکیاو عیراق‌و سنوری نێوان تورکیاو ناوچەی ماندێتی فەرەنسا لەسوریا بکەن بەسنوری نیشتمانە نەتەوەییەکەی عەرەب. ئیتر بەم پێیە، هەمو ناوچە کوردنشینەکانی عیراق‌و سوریا خرانە پاڵ ئەو سنورەی نیشتمانی نەتەوەیی عەرەب کە بەپێی ئالوگۆڕەکانی ململانێی ئێران-دەوڵەتی عوسمانی‌و نەخشەی کۆلۆنیالیستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پاش یەکەم جەنگی جیهان کێشراوەو عەرەب هیچ رۆڵێکی لەکێشانیدا نەبوە.

ئەگەرچی دەقی ناوبراو زۆر بەفشۆڵی داڕێژراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخێکی تیۆریکی هەیە، لەو روانگەیەوە کە بۆچونێکمان سەبارەت بەو رێوشوێنە دەخاتە بەردەست کەحزبی بەعس بەهۆیەوە ناوچە کوردنشینەکانی خستۆتە پاڵ نیشتمانی نەتەوەیی عەرەبەوە بەپشت بەستن بەو جوگرافیا سیاسییەی کەهەیە. تا دیکۆمێنتێکی ترمان سەبارەت بەهەمان بابەت چنگ دەکەوێ، دەبێ نزیکەی چارەکە سەدەیەك چاوەڕێ بکەین. ساڵی ١٩٧٧ کۆنگرەی نەتەوەیی یانزەهەمی حزبی بەعس دیکۆمێنتێکی سەبارەت بەمەسەلەی کەمینەکان پەسەند کردو تێیدا هەر ئەو بۆچونانەی دوبارە کردەوە کە لەبەندی حەوتەمی دەستوری حزبی بەعسدا هاتبو، بەڵام بەنەختێك شرۆڤەو درێژدادڕییەوە. لەکاتێکدا دیکۆمێنتەکە وای نیشانداوە کەخەمی سەرەکی، دەرخستنی هەڵوێستی حزبی بەعسە بەرامبەر بەمەسەلەی کەمینەکان، هەر تێڕامانێك دەریدەخا کە دیکۆمێنتەکە لەگەوهەردا گوزارشتە لەهەڵوێستی حزبی بەعس بەرامبەر بەکورد نەك هەر کەمینەیەکیتر. دیکۆمێنتەکە، کاتێك



لەو چوارچێوەیە تاوتوێ دەکرێ، دەبێ بەکۆششێك بۆ دۆزینەوەی باشترین رێوشوێن بۆ بەعەرەبکردنی کورد، بەتایبەتی لەو روەوە کەئاماژەیەکی رونی بۆ ئەوە تێدایە کەفاکتەری رەگەزی بەمەرج بۆ ناسنامەی بەعەرەبناسین دانانرێ، بەو مانایەی کەدەشێ کورد عەرەب بن یاخود ببن بەعەرەب با بەزمانی عەرەبیش قسە نەکەن‌و با رەگ‌و ریشەشیان نەچێتەوە سەر عەرەب. دیارە بەمەرج دانەنانی فاکتەری رەگەز بۆ بەعەرەب ناساندنی کورد، هۆی تایبەتی خۆی هەیە. دیکۆمێنتەکە بەرۆشنی پەردە لەڕوی هۆکە هەڵدەماڵێ‌و وای دادەنێ کە لابردنی ئەو مەرجە ((دەرفەتی فراوان بۆ قوڵکردنەوەی تێکەڵبونی کەمینەو گروپە بچوکەکان بە نەتەوەی عەرەب، دەرەخسێنێ))[١٥].

دیکۆمێنتەکە دان بەوەدا دەنێ کەکورد تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆماڵیی خۆی هەیە. بەڵام بڕگەکەی پاشتر تەواوی رستەکە پوچەڵ دەکاتەوەو وای دەبینێ کەهەڵەیە وا سەیری مەسەلەکە بکرێ کەچەند فارس‌و هندی لەعەرەب جیایە، کوردیش ئەوەندە لەعەرەب جیایە[١٦]. هاندەری حزبی بەعس بۆ

بانگەشەکردن بۆ ئەم تێزە ئەوەیە کەبەعس پێی وایە مادامەکێ فارسو هندیو تورك دەوڵەت یان خاکی تایبەتی خۆیان هەیە، نەتەوەی وایان لێ پێکدێ کەتەواو جیاوازە لەعەرەب، لەکاتێکدا کورد نە دەوڵەتی هەیەو نە خاکێکی تایبەت بەخۆی، بەڵکو لەسەر زەویەك دەژی کەئەگەر ناویشی کوردستان بێ، هەر بەشێکی نیشتمانی نەتەوەیی عەرەب پێکدێنێ. لێرەدا بۆچونێکمان لەبەردەمدایە کەپشت بەجوگرافیای سیاسی دەبەستێ، نەك بەمێژوو و نەك بەتێکەڵەیەکی پێکهاتوو لەمێژوو و جوگرافیا.

ئەم دیکۆمێنتە بەڵگەیە لەسەر پێداگرتنو سوربونی حزبی بەعس لەسەر درێژەدان بەسیاسەتی بەعەرەبکردن، چونکە لەدیدی حزبی بەعسەوە تا نەسازانو نەگونجان لەنێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییە-نژادییەکانی ناوچەی کوردنشینو ناسنامەی زەوییەکەدا هەبێ، هەوڵو کۆشش بۆ نەهێشتنی هەر نەسازانو نەگونجانێك رەواییەکی مێژویی پتەوو تۆکمەی دەبێ.



داشکانی هەردو ئایدیۆلۆژیا بەلای پیادەکردنی سیاسەتێك بەمەبەستی گۆڕینی روخساری دیموگرافی هەندێ ناوچەی دەستنیشانکراوو وردتر داشکانی زایۆنیزم بەلای سیاسەتی بەجولەکەکردنی ناوچە فەلەستینیەکانو داشکانی حزبی بەعس بەلای سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان، سەرەڕای ریشە جیاوازەکانی هەردو سیاسەت، ئاماژە بۆ رەفتارێکی زۆر لێك نزیك دەکا. ئەم دو سیاسەتە لەبنەما ئایدیۆلۆژییەکاندا هەر یەکێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە بەڵام لەرەفتارو هەڵسوکەوتدا زۆر لێك نزیکن.

# سەرچاوەکان

١ ـ الكتاب المقدس، الترجمة العربية، منشورات دار المشرق، بيروت، ١٩٨٣، ص ٢٨.

٢ ـ الكتاب المقدس، ص ٣٦١.

٣ ـ بۆ دەقی دەستوری حزبی بەعس، بڕوانە: نضال البعث، الجزء الرابع، الطبعة الثالثة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٦، صص ٢٤-٣٠.

٤ـ الدكتور عدنان السيد حسين، التوسع في الاستراتيجية الاسرائيلية، دار النفائس، بيروت، ١٩٨٩، ص ٤١.

٥ ـ عزيز الحاج، الاكراد الفيليون والشيعة، جريدة (الحياة) ٢٠/٩/١٩٩٧.

٦ ـ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية في العراق ١٩١٤-١٩٩٠، دار الثقافة للطباعة والنشر، قم، ص ٣١٩.



٧ ـ الصهيونية والعنصرية، ابحاث المؤتمر الفكري حول الصهيونية في ٨-١٢ تشرين الثاني ١٩٧٦ في بغداد، المجلد الاول، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٧، ص ٣٧.

٨ ـ الفكرة الصهيونية- النصوص الاساسية، ترجمة لطفي العابد وموسى عنز، مركز الابحاث التابع لمنظمة التحرير الفلسطينية، بيروت، ١٩٧٠، ص ٣٦-٣٨.

٩ـ هەمان سەرچاوە، ل ٤٦.

١٠ ـ هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.

١١ ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠.

١٢ـ كولن شيندلر، اسرائيل والليكود، ترجمة مصطفى الوز، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٧، ص ١٥٤.

١٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٦١-١٦٢.

١٤ ـ نضال البعث، المصدر السابق، ص ٢٧.

١٥ ـ حزب البعث العربي الاشتراكي- القيادة القومية، مسألة الاقليات القومية في الوطن العربي، دار الثورة، بغداد، ١٩٧٩، ص٦.

١٦ـ هەمان سەرچاوە، ل ٦.

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ساڵی

## ( ٢٠١٠ )

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ داڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى | ٢٠١٠ |
| 334 | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان زنجیرەی هۆشیاری ،ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| 347 | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی<br>محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 348 | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| 349 | رۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر<br>ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو<br>ئاسۆکانی چارەسەر ، زنجیرەی هۆشیاری<br>، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |